# شیوەنێک بۆ شەهیدانی ڕۆژی یەکی شوباتی 2004

کانی هەڵەبجەیی
هۆڵندا
Kani_awin@hotmail.com




ئەوە چ جەژنێک بو؟
تورەیی فریشتەی کام سپێدە بو؟
ئاوا زریکەی هەولێر ئێمەی لە خەو هەڵسان
ئەو هەولێرە هێمنە....!!!
ڕۆحی کام شەیتان بو توانی بیهێنێتە گریان؟
چ گڕێک بو؟
چ گڕێک بو جەستە و ناخی ئەو کیژە چاوسەوزە
پڕ عەشق و خۆزگەیەی سوتان؟
هاوااااااااااااااار هاوااااااااااار هاوااااااااااااار
هەر لێرەوە تا نیشتیمان
هاوااااااااار هاواااااااااااار
تا دەنگم دەگاتە ئاسمان
ئەی خودایە، ئەی خودایە ئەمە چ ستەمێکە
ئاوا ئەم شارە دێرینەم دەکاتە گۆڕستان؟
چ دڵێکە ڕەنگی ڕەشی قیزەوەنی خۆی بە خوێنی ئاڵی منداڵێک سور ئەکا؟
چ دڵێکە؟
چ دڵێکە پێ ئەکەنێ، بە لێککردنی دڵە عاشقەکان؟
ئاخر ئەم تیرۆریستە بێ بەزەیی و ڕورەشە کێیە
بێ باکانە ئەنێژێ هیوا و خۆزگەکانی لاوان؟
ئەمە چییە ئەی خودایا؟ بۆ وا بەرگی ڕەشی پۆشیوە؟
بۆ وا بێ باک بوە ژیان؟
ئەمە چییە ئەی خودایە؟ دڵی ئەو مرۆڤەی تۆ بە دڵۆپێ ئاوی ڕون و پاک دروسستت کرد
بۆ ئەمڕۆ بۆتە زنارێکی بێ ویژدان؟
ئەمشەو ئاسمان هێند ئەگریا
ویستم لێی بپرسم ئەوە چیتە بۆ کێ ئەگری؟
بەڵام ئەو پێش من وتی:
ئەزانم تۆش بۆچی ئەگریت هاوڕێم
سبەینێیە، دوازدەی ڕێبەندان
سبەینێیە، کولاندنەوەی برینە زیندوەکانی
دایک و خوشک و کەس و کاری شەهیدەکان
ئای خودایە....ئای خودایە ئاخۆ ئێستا دیمەنی چاوی ئەو منداڵە چۆن بێ؟
کە لە دایکی دەپرسێ:
کەی بابە دەگەڕێتەوە؟

سەفەرەکەی زۆری خایان..!!!!
ئاخۆ ئەو دایکە چی وەڵام باتەوە؟
چۆن ئەتوانێ بڵێ ڕۆڵە...
بابە ڕۆشت بۆ ئاسمان؟!؟!
ئاخۆ ئێستا دیمەنی ئەو کچە ناسکە چۆن بێ
کە تا یستاش چاوەڕوانە دەستگیرانەکەی بێتەوە
ئاخۆ چۆن بتوانێ باوەڕ بکا
پێش بە دی هێنانی خۆزگەکانیان
خۆشەویستەکەی بە جێی هێشتوە و
تەنیای کردوە لە ژیان؟
هەولێرەکەم،
ئەی شارە زێڕینەکەم
ئەی شارە خەمبارەکەم
خۆزگە ئەمتوانی ئا بەم شەوە
لەگەڵ پەڵە هەورێکی ئاسمان
ئەگەشتمە لات
تا بتوانم لەو باوەشە گەرمە خەمبارەتدا
بگریم...
بتوانم بچمە سەر قەڵاو لەگەڵ تۆدا هاوار بکەم
تا ئاهو نزولەمان دەگاتە گوێی یەزدان
حەزم ئەکرد بێم بە خەمە وشکەکانم
یەکێ لە دڵۆپە خەمگینەکانی ئەو دیپە پڕ هیوایانەت بسڕم
هەرهیچ نەبێ کەمێ لە زناری کەسەرییەکانت
هەڵگرم بە پێڵوی چاوان
هەولێرەکەم
دڵنیابە ئەی هەولێرە نازدارەکەم
ئێستا هەڵەبجەی خوشکیشت لەگەڵ من و تۆدا
لەگەڵ شەهیدانی نێو گۆڕستان
ئەویش هێدی هێدی دەگری
دەڕژێ ئەسرین بۆ خۆی
بۆ تۆ
بۆ نیشتیمان
هەولێرەکەم
ئەی شارە مێژودارەکەم
باش بزانە
ئێستا سلێمانی و کرماشان
قامیشلۆی دەلال و وان
دیاربەکر و هەورامان
گشتیان وەک من و تۆ شیوەنیانەو

**بۆت دەڵێن حەیران**
**ئاااى هەولێرەکەم.... ئەمە چى بو؟**
**چى بو لێى کردینە ڕۆژى شین،**
**ناو و گشت جەژنێکى قوربان؟**
**ئەمە چى بو؟؟؟؟**
**چ ئەجەلێکى بێ ڕەحم بو؟**
**گڕى بەردا لە تۆ**
**ئەى شاجوانى کوردستان؟**